گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۶۱

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۶۱ – بە فرانبار – ژانویە ۲۰۲۵

## سەروتار

### بنبەستی رژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەرکی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان

پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی خەڵک یەک لە دوای یەک دەڕووخێن. دوای ئەوەیکە حیزبوڵڵا لە لۆبنان زیانی قورسی بەرکەوت و تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە بوو، سیستمی بەرگری مووشەکی سپای پاسداران لە بەرامبەر هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیلدا هیچی پێنەکرا، ڕووخانی ڕژیمی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد دوایین بزماری لە تابووتی ستراتیژی "شەڕی پێشگرانە" و هێزەکانی "میحوەری موقاومەت" دا. پاش ئەم شکستانە هێزەکانی حەشدی شەعبی و تاقمە ئیسلامییەکانی دیکەی سەربە ڕژیمی ئیسلامی لە عێراقیش زەمینگیر بوون و حوسییەکانی یەمەنیش کەوتوونەتە دۆخێکەوە کە دەبێ پێداچوونەوە بەسەر ستراتیژی مانەوەیاندا بکەن. بەم ڕووداوانە، یەکێک لە پایەکانی ستراتیژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی تێکشکا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە ستراتیژی شەڕی پێشگرانە و لەڕێگەی هێزەکانی "میحوەری موقاومەت"ەوە دەیهەویست ببێتە هێزێکی باڵادەستی ناوچەیی و لەم ڕێگەوە سەرەنجی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە و جیهان بەرەو گرینگی وەبەرهێنان لە ئێران ڕاکێشێ و بەستێنی گەشەی ئابووری سەرمایەداری ئێران فەراهەم بکات. خامنەیی و قاسمی سولەیمانی گەلێک جار وتبوویان کە بۆ ئەوەی ئەمنیەت لە خۆڕەمشار و تاران دابین بکەین دەبێ لە لۆبنان و سووریە بەشەڕ بێین. بەڵام ئێستا داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە هەم لە لۆبنان و هەم لە سووریە شکستیان خواردووە و شەڕ گەیشتووەتە سەنگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوەوەی ئێران

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی چاوپۆشی ئەمریکا توانیبووی بە بردنەسەری ڕێژەی بەرهەمهێنان و هەرزان فرۆش کردنی نەوت و بە سات و سەودای پشتی پەردە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ گواستنەوەی دۆڵاری نەوت و بە تاڵانکردنی سندووقی خانەنشینان، دەوڵەت لە وەرشکستەیی ماڵی نەجات بدات، لەئێستادا لەگەڵ هاتنە سەر کاری ترامپ لە ئەمریکا و ئاسۆی توندبوونەوەی سزا ئابوورییەکان، بەرەوڕووی کێشە و گرفتی زیاتر بووەتەوە. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و ئاکامی سزا ئابوورییەکان لە قەیرانی سووتەمەنی و کەمبوونی بەرق و دابەزینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بەهای پارەی ئێران، لە گرانی و بێتوانایی ڕژیم لە دابینکردنی نان و ئاو، بەرق و هەوای سالم بۆ هەناسەکێشان، خۆی نیشان داوە.




## پێویستە لە بزووتنەوەی بەرخۆدانی "ڕۆژئاوا" بەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە پشتیوانی بکەین




## بۆ پشتیوانی لە کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام و نارەزایەتی دژبە حوکمەکانی ئێعدام

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان !

**لە دەوری بەدیلی سۆسیالیستیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی یەکگرن**

## سەبارەت بە پەرەسەندنی بانگکردن و دەستبەسەرکردنەکان لە کوردستان پێویستە شکست بە هەوڵی داماوانە و سەرشۆڕانەی ڕژیم بێنین

## "هیلالی شیعی کۆماری ئیسلامی" شکڵی گۆڕا

## شکستی ستراتێژی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و ورێنەکانی خامنەیی

## "مانۆری پێشگرانەی پێغەمبەری مەزن"، نیشانەی ترسی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینی جەماوەرییە

**درووشم و داخوازییەکانمان دروست هەڵبژێرین و درۆکانی دەسەڵات و سەرمایەداران لەقاو بدەین**

کۆماری ئیسلامی بەهۆی بەرینایی ئەم قەیرانە ئابوورییە و بەهۆی سرووشتی چینایەتیی سیاسەت و ئەولەوییەتەکانی، ناتوانێ وڵامی داخوازیی بەپەلەی چینی کرێکار، خانەنشینان و پەرستاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بداتەوە. هەر ئەم ڕاستییەش پەرەسەندنی ناڕەزایەتی کرێکاری و جەماوەری خستووەتە ئاسۆوە

ژنانی ئێران لە درێژەی پێشەنگایەتی و دەورونەخشیان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی واتە پایەیەکی ڕژیمی دیکتاتۆری سەرمایەیان تێکشکاند، لەئێستادا بێباکانە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردووەتە گۆڕەپانی خەبات بەرامبەر بە یاسا دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامی. لە ترسی تووڕەیی و ناڕەزایەتی ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، یاسای کۆنەپەرستانەی حیجاب و عیفاف کە لە حەوت خانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیبوو، خرایە لاوە و نەیانوێرا بەڕێوەی بەرن. ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەردا سەرکەتنێکی مێژووییان تۆمار کرد. لە ئاکامی خەباتی بوێرانەی ژناندا دیواری جیجابی ئیجباری داڕماوە

دەزگای ئیدئۆلۆژیک و ڕووحانییەتی کۆماری ئیسلامی لە خامنەییەوە بگرە هەتا حەوزەی عیلمییە و قافڵەی ئیمامانی جومعە، ناتوانن مەشرووعییەت بدەن بەو هەمووە شکست و زەلیلییەی کە بەسەر کۆماری ئسیلامیدا هاتووە. ناتوانن مەشرووعییەت بدەن بەو هەموو هەژاری و فەلاکەتە ئابوورییە، بەو هەمووە بێ مافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و زۆرینەی خەڵکی ئێران گرفتاری بووە. تاکتیکی پەرەپێدانی سەرکوت کارایی ڕابردووی خۆی لەدەست داوە و ناتوانێ کۆمەڵگا چاوترسێن بکات

هەرچی بنبەستەکان، شکست و ناکامییەکانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ئاشکراتر دەبێت، کابووسی شۆڕش و هەڵچوونی تۆڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری، سەرانی ڕژیم زیاتر تووشی ترس و دڵەراوکی دەکات و کێشمەکێش و ناکۆکی و قەیرانی ناو باندەکانی حکوومەت پەرەدەستێنێت. ئەمڕۆ تەنانەت لە ئاڵقەی پارێزکاران و بناژۆخوازانی ڕژیمدا، سەردەمی خامنەیی بە گەندەڵیی سیستماتیک پێناسە دەکەن و بۆ مانەوە و ڕاگرتنی نیزامی ئیسلامی باس لە پێویستی تێپەڕبوون لە سەردەمی خامنەیی دەکەن

لە کاتێکدا کە حکوومەتی ئیسلامی گەیشتووەتە بنبەست، هەموو باڵەکانی دەسەڵات ڕەمزی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینن. چوونە سەری ٢٠٠٪ی بوودجەی هێزە نیزامییەکان و ئۆرگانەکانی سەرکوت لەژێرناوی بردنەسەری بوودجەی بەرگری وڵات، تەرخانکردنی سەدان ملیارد تمەن بە گەڵاڵەی کۆنەپەرستانە و دژەژنی کلینیکەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەدحیجابی، پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام بەتایبەت ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و درێژەی دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕوونی پێگەی سەرکوت لە ستراتێژی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دەدات. بەڵام ئەزموونی هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و ئەزموونی ڕووخانی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سووریە جارێکی تر نیشانی دا کە بە پشتن بەستن بە ستراتێژی سەرکوت ناتوانن حکوومەتە ئیسلامییەکەیان لە "مەترسی"ی ڕووخان ڕزگار بکەن

لەژێر فشاری قەیرانەکان و بنبەستێک کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێیدا گرفتار بووە، ئەگەری زۆرە سەرانی ڕژیم و کادری ڕێبەری سپای پاسداران، خۆیان بۆ سازشێکی گەورە و یەکجار "قارەمانانە" لە پەیوەند لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئامادە بکەن. سازش لە هاوسەنگییەکی هێزدا کە ڕژیم ئامرازی فشاری "میحوەری موقاومەت"ی لەدەستداوە، بێتوانابوونی لەبواری دیفاع کردن لە خۆی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل ئاشکرا بووە و لە ناوەوەی ئێرانیش لەگەڵ گرفت و ئاستەنگی زۆر بەرەوڕوو بووەتەوە. بژاردەیەکی دیکەی ڕژیم ماجەراجوویی ئەتۆمی و دروستکردنی چەکی ئەتۆمییە. ئەم ئەگەرە بەتایبەت بەلەبەرچاوگرتنی پێگەیەک کە سپای پاسداران لە ئابووری ئێراندا پەیدای کردووە، پێدەچێت لاواز بێت. لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانەکان ئەگەری کوودتای نیزامی سپای پاسدارانیش ئەگەرچی زۆر لاوازە بەڵام نابێت لەبەرچاو نەگیرێت. هەرچەند، هەر ئێستاش سپای پاسداران هەموو ئامرازەکانی سەرەکی دەسەڵات، هێزە نیزامی و ئەمنیەتییەکان،




مەجلیس، سەدا و سیما و ئابووری لەدەستدایە و کوودتا تەنیا دەتوانێ بەمانای ڕاگەیاندنی فەرمی حکوومەتی نیزامی بێت.

لە بارودۆخێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی بنبەست و تەنگانە بووەتەوە، نە تەنیا ئەزموونی ئاخێزەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١، بەڵکوو ئەزموونی هەموو شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم و ئاخێزە شۆڕشگێرانەکانی سەدەی بیست و یەک نیشانیان داوە کە لە بارۆدۆخی ئەمڕۆی ئێراندا مانگرتنی سەرتاسەری کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وێڕای گەڵاڵەکردنی ئەو داخوازییانەی کە بوونەتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنی گشتی و سیاسی، گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەوەی خەبات بەرەو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی سەرتاسەریدا پێویستە لەم ڕاستایەدا، ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و شکڵدان بە ڕێبەریی سەرتاسەری بکەنە ئەولەوییەتی چالاکییەکانیان. ئەم بارودۆخە سیاسییە و پێگەی کۆماری ئیسلامی، ئەرک و ئامادەیی تایبەت لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە کوردستان دەخوازێت.

- هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بە بەرینایی شار و گوندەکانی کوردستان لە تۆڕێکی بەریندا پێگەوە پەیوەندییان هەیە. ئەم توێژە لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە جەرگەی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە جەرگەی ڕێکخستنی مانگرتنە گشتییەکان لە کوردستان، لە جەریانی ڕێکخستنی یارمەتی بۆ زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزە و لافاو و هیتر، ڕێکخستنی ئاکسیۆن و گوڵگەشتەکان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن و ڕۆژی جیهانی کرێکار، لە جەریانی ئاخێزە جەماوەرییەکان و هیتر، یەکتریان ناسیوە و پێکەوە پەیوەند دراون. لە جەریانی ئەم چالاکییانەدا متمانەیان بە یەکتر پەیدا کردووە. لە بارودۆخی ئێستادا چالاک کردنی ئەم پەیوەندییانە، قایمکردن و پەرەپێدانیان بەرەو چالاکان و کەسایەتییە خۆشناوەکانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتی و باقی تێکۆشەرانی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان، یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەیە.

- لەم قۆناغەدا پێویستە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە زیاتر لە هەموو کاتێک لە پێگەی ڕێکخەر و ڕێبەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگادا دەرکەون. هەوڵ بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەی دژی بێکاری، وەڕێخستنی ناڕەزایەتی جەماوەری دژبە گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە شارەکان و یارمەتیدان بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە پێویستە ببێتە ئەولەوییەتی چالاکییەکان. ئەو ئاژیتاتۆر و موبەلیغانەی کە لە جەرگەی چالاکییەکانی ئێستادا پەروەردە بوون، دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هێنانە مەیدانی جەماوەری ناڕازیدا هەبێت

- یارمەتیدانی ڕێکخستنی کرێکارانی بیناسازی و پڕۆژەیی و کرێکارانی شارۆچکە سەنعەتییەکان گرینگییەکی تایبەتی هەیە. پێویستە بەردی بناغەی ئەم ڕێکخراوانە دابنرێت بۆ ئەوەی لە کاتی باشتربوونی هاوسەنگی هێزدا بەخێرایی جەماوەری بنەوە. موعەلیمانی تێکۆشەری کوردستان و خانەنیشنان بە پەیوەندییان لەگەڵ موعەلیمان و خانەنشینانی سەرتاسەری ئێران لە جەریانی مانگرتن و ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ساڵانی ڕابردوودا تا ئاستێک ڕیزەکانیان ڕێکخستووە. پێویستە ئەم هەوڵانە بەرز بنرخێنین. پێویستە یارمەتیدەر بین بۆ ئەوەی ئەم ڕێکخستە بەرەو هەموو خوێندنگا و شارەکانی کوردستان پەرەبستێنێت. پێویستە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی موعەلیمانی تێکۆشەر، لە پێکهێنانی ناوەندەکانی خوێندکاران لە مەدرەسەکاندا یارمەتیدەر بین.

- ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە گەڕەکەکانی پەراوێزی شارەکان لەناو شۆرا و ئەنجومەنەکان دەتوانێ لە هێنانە مەیدانی هێزی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ڕزگاری ژندا ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەبێت. هێنانە مەیدانی ئەم هێزە مەزنە و کۆمەک بە ڕێکخستنی، یەکێک لەو بوارانەیە کە پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر.

- لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕش و لەگەڵ گۆڕانی زیاتری هاوسەنگی هێز بە قازانجی ڕاپەڕینی شار و شۆڕش، پێویستە دەستبەجێ شۆراکان و باقی ناوەندەکانی جەماوەری لە گەڕەکەکانی شارەکان، شاروچکە و گوندەکان دامەزرێن. دەبێ ئامادە بین کە لەگەڵ سست بوونەوەی پایەکانی دەسەڵاتی ڕژیم لە کوردستان و پاشەکشە کردنی، ژنان و پیاوانی ڕێکخراو لەناو شۆراکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری کۆنترۆڵ و ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرن. نابێ ڕێگە بدەین حیزبە ناسیۆنالیستەکان لەسەر سەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستانەوە، دەسەڵات زەوت بکەن

- هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە پێویستە لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی دەستپێکی لێکهەڵوەشانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، چەککردنی پایەگا نیزامییەکانی دوژمن بخەنە دەستووری کارەوە. بەلەبەرچاوگرتنی بوونی سوننەتی خەباتی چەکداری لە کوردستان، وە بەهۆی وجوودی هەزاران کادری بەئەزموون کە خەباتی چەکدارییان تەجروبە کردووە، دەکرێ لەگەڵ لێکهەڵوەشان و هەرەسهێنانی هێزەکانی ڕژیم



لە کوردستان دەست بە کاری هێنانە مەیدانی خەڵک بکرێت بۆ چەک کردنی پایەگا نیزامییەکان. پێویستە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان لەئاستی جەماوەریدا چەکدار بکرێن و بە هێزی چەکداری خۆیان لە دەسەڵات و دەستکەوتەکانیان پارێزگاری بکەن

- هەرچی لە سەردەمی ڕاپەڕینی سیاسی و شۆڕشگێڕانە نزیکتر دەبینەوە، هەوڵی ڕەوت و گرووپە کۆنەپەرستەکان بۆ پێکهێنانی تەفرەقەی نەتەوەیی و ئایینی زیاتر دەبێت. پێویستە بە هۆشیارییەوە ئەم تەفرەقەنانەوەیە پووچەڵ بکرێتەوە

- لە کاتکێدا کە حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ "ڕووخاندن"ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چاوی هیوایان لە فشاری زۆرینەی ترامپ بڕیوە، وە بۆ زەوتکردنی دەسەڵات لەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە پلان دادەڕێژن، هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە پێویستە خەڵکی کوردستان لەژێر نفووزی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە بێننە دەر. وە باوەڕ بە هێزی خۆیان و هێزی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سەرتاسەری ئێران بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی هەرچی زیاتر بەهێز بکەن.

- هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە جەرگەی ئەم چالاکییانەدا پێویستە پایەی کۆمەڵایەتی و نفووزی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان پەرەپێبدەن و بە پەیوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران دەورونەخشی خۆیان بۆ مسۆگەرکردنی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەتا هەڵکردنی ئاڵای سەرکەوتن و دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، بەجێ بێنن

- لەڕێگەی ئەم چالاکییە شۆرشگیرانەدا و کاری نەخشەمەند و ڕێکخەرانە دەتوانین دەرفەتی تازە بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێکبێنین. دەتوانین لەو دەرفەتانەی کە پێش دێت بەشێوەی گونجاو کەڵک وەرگرین و ئەو مەترسییانەش کە هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکەن پووچەڵ بکەینەوە

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# پێویستە لە بزووتنەوەی بەرخۆدانی "ڕۆژاوا" بەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە پشتیوانی بکەین

دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە، نزیکەی مانگێکە هێزە میلیشیاکانی سەربە دەوڵەتی تورکیە قۆناغێکی تازەیان لە هێرش بۆسەر شار و گوندەکانی کوردستانی سووریە "ڕۆژاوا" دەسپێکردووە و ئەرتەشی تورکیە بە تۆپخانەی قورس و درۆن لە بنکەکانی ئەم هێزانە پشتیوانی دەکات. دەوڵەتی تورکیە لە هەمان کاتدا بە نفووزێک کە لەناو حاکمانی هەیئەتی تەحریری شامدا هەیەتی دەیهەوێ ئەزموونی "ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژاوا" لەناوبەرێت و هێزەکانی سووریەی دیموکرات چەک بکات و لەگەڵ ئەرتەشی حکوومەتی ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو تێکەڵیان بکات. ئەم سیاسەتە فاشیستییەی دەوڵەتی ئەردۆغان دژبە خەڵکی کوردستان و هێرشی نیزامی جەنایەتکارانەی بۆسەر کوردستانی سووریە بە بیانووی بێبنەما و ناڕاستی "بەرقەرارکردنی ئاسایش لە ناوەوەی تورکیە" لە کاتکێدا بەڕێوەدەچێت کە ڕێبەری "ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژاوا" و هێزەکانی سووریەی دیموکرات (هەسەدە)، گەلێک جار ڕایانگەیاندووە کە هیچ کات لەدژی تورکیە لە سنوورەکانی ئەم وڵاتە چالاکییان ئەنجام نەداوە و حازرن لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە گفتوگۆ و دانوستان بکەن

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا حکوومەتی تورکیە گرووپە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بۆ داگیرکردنی منبیج و کۆبانی پڕچەک کردووە و بە پشتیوانی ئاسمانی و تۆپخانەی قورس هێرشێکی بەرینی بۆسەر گوندەکانی دەوروبەری بەنداوی ستراتیژی تەشرین لە "قەرەقوزاخ" لە نێوان کۆبانی و منبیج دەستپێکردووە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی فەرماندەیی هێزەکانی سووریەی دیموکرات، ئەرتەشی تورکیە ناوچەکانی دەوروبەری پردی قەرەقوزاخ و باشووری کۆبانی بە چڕی تۆپباران کردووە و زیانێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندووە. بەپێی هەر ئەم ڕاپۆرتە شەڕ لە ناوچەکە هەروا بەردوامە و هەتا ئێستا گرووپە بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتی تورکیە نەیانتوانیوە بەرەو هیچ گوندێک پێشڕەوی بکەن. هێرشەکانی هەتا ئێستایان تووشی شکست بووە و دەیان تیرۆریست کوژراون. ژمارەیەک تانک و زرێپۆش تێکشکێندراون و سەکۆیەکی هاویشتنی مووشەکیشیان لەناوبردووە

دەوڵەتی فاشیستی تورکیە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت لەم چەند مانگەی دواییدا بە بۆمبارانی قورسی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی بەرق، سووتەمەنی، ئاو و ژێرخانە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ناوەندە سەنعەتییەکان و کارگاکان لە شار و گوندەکانی کوردستانی سووریە بۆ نموونە بۆمبارانی ناوەندی پۆمپاژی ئاو لە دەوروبەری شاری "حەسەکە" لە مانگی سەرماوەزی ڕابردوو، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەری بێ ئاو و بێ بەرق کردووە و زەرەر و زیانێکی زۆری لە خەڵکی ئەم ناوچەیە داوە. دەوڵەتی تورکیە بەم هێرشە وەحشیانەیە سرووشتی شوڤنیستی خۆی بۆ جارێکی تر نیشان دا. ئەم تاوانانە کە لەلایەن ئەرتەشی ئەندامی پەیمانی ناتۆوە ئەنجام دەدرێ، نموونەی ئاشکرای "تاوانی شەڕ لەدژی مرۆڤایەتی"یە و لەبەرچاوی هێزە ئەمریکاییەکانی نیشتەجێ لە ناوچەی کۆبانی کە گۆیا "هاوپەیمانی ڕۆژاوا"ن بەڕێوەدەچێت. بەرینایی هێرشی بەکرێگیراوانی دەوڵەتی تورکیە و پشتیوانی تۆپخانەی قورس و هێزە ئاسمانییەکانی ئەرتەشی تورکیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هێرشانە لە ڕێککەوتنێکی کردەوەیی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا ئەنجام دراون

لە بارودۆخی ئێستادا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسییانەی کە لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیە، هەیئەتی تەحریری شام و ئەمریکا هەڕەشە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان دەکەن، تەنیا بەشداری چالاکی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و پیاوانی ستەملێکراوی کوردستانی سووریە لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و جێخستنی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی هەتا ئێستا، چەکدارکردنی گشتی بۆ بەرگری لەم دەستکەوتانە و هەوڵدان بۆ پێکهێنان وپتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرتاسەری سووریە دەتوانێ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە بەڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە. لەم بارودۆخەدا تەنیا ئەو هێزە دەتوانێ خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەم دەربازگەیە تێپەڕێنێ و بەرژەوەندیان نوێنەرایەتی بکات کە باوەڕی بە دەورونەخشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا بە پراتیک سەلماندبێ و هەموو ڕاستییەکان سەبارەت بە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و بەرژەوەندیە ستراتێژیکەکانی لە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە بۆ خەڵک باس بکات

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هێرشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە بۆسەر خەڵکی کوردستانی سووریە بەتوندی مەحکووم دەکات. ئەم شەڕە داگیرکەرانەیە لە بارودۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە دەوڵەتی ئەردۆغان کە لە ناوەوەی تورکیە بەرەوڕووی گەلێک قەیرانە، ماوەیەکە فریوکارانە باسی ئاشتی لە نێوان کورد و تورکی هێناوەتە گۆڕێ. کۆمەڵە لە هەموو جەماوری کرێکار و زەحمەتکێش، لە بیروڕای پێشڕەو و ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەب و لە ناوەندە مرۆڤدۆستەکان داواکارە کە هێرشەکانی حکوومەتی تورکیە بۆسەر "ڕۆژاوا" مەحکووم بکەن. داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکەین بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن هاوپشتی خۆیان لە بزووتنەوەی موقاوەمەت و بەرخۆدانی کوردستانی سووریە ڕاگەیەنن. پێویستە لە دەرەوەی وڵات بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی هێرشی فاشیستی دەوڵەتی تورکیە ئیدانە بکەین. پێویستە لە بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کورستانی سووریە بەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی تورکیە و پیلانەکانی حکوومەتی ئیسلامی سووریە بۆ چەک کردن و تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوەیە، لێبڕاوانە پشتیوانی بکەین.

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٦ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

٥ی ژانویەی ٢٠٢٥ی زایینی

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# سەبارەت بە پەرەسەندنی بانگکردن و دەستبەسەرکردنەکان لە کوردستان پێویستە شکست بە هەوڵی داماوانە و سەرشۆڕانەی ڕژیم بێنین

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بەگوێرەی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بە پشت بەستن بە ئاماری تۆمارکراو لانیکەم ١٢٣ کەس لە هاووڵاتییانی ئێران کە ناسنامەیان پشتڕاستکراوەتەوە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی ڕژیمی ئیسلامییەوە دەستبەسەر کراون. ئەم ئامارە ژمارەی ئەو کەسانە لەخۆناگرێت کە دەستبەسەرکردنیان میدیایی نەکراوەتەوە. لەم ماوەیەدا، جگە لە دەستبەسەرکراوان، سەدان و تەنانەت هەزاران تێکۆشەری دیکەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە لایەن دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە بانگکراوان و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە. لەو ١٢٣ کەسە دەستبەسەرکراوە ٨٨ کەسیان خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستانن. پێویستە بوترێ کە زۆربەی




دەستبەسەرکردنەکان وێڕای توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاری دەستبەسەرکراوان و بنەماڵە و کەسوکاریان ئەنجام دراوە و زۆربەی دەستبەسەرکراوان لە کاتی لێپرسینەوەدا لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕژیمەوە ئەشکەنجە و ئازار دراون و دەزگای قەزایی ڕژیمیش حوکمی قورسی زیندان و جەریمە و شەللاقی بۆ دەرکردوون. پەروەندەسازی و دروست کردنی موزاحمەت بۆ خەڵک لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی و قەزاییەکانی ڕژیم گەیشتووەتە ئاستێک کە لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لە پیرانشار بۆ ٥٨ کەس لە بەشداربووانی مەراسمی زەماوەندێک بە تاوانی دەربڕینی شادی و هەڵپەڕین پەروەندەی قەزاییان پێکهێناوە و ئەوانیان بۆ دادگا بانگ کردووە. لەئێستادا ٥٤ کەس لە بەندکراوانی سیاسی لەژێر حوکمی قیزەون و دژەئینسانیی ئێعدامدان

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا دەستیکردووە بە پەرەپێدانی سەرکوتگەری و دەستبەسەرکردنی بەرینی خەڵک و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە ستراتێژی "شەڕی پێشگرانە" و دەستتێوەردانی لە ناوچەکە و میحوەری موقاومەتەکەی بەرەوڕووی شکست و لێکهەڵوەشان بووەتەوە. شکستی یەک لە دوای یەکی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە لۆبنان، غەززە و سووریە زیاتر لە هەموو کاتێک ئاراستەی سازان و نەرمشی قارەمانانەی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بەسەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا سەپاندووە. لەوەش گرنگتر گەلێک قەیرانی پێکهاتەیی قووڵ لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هیتر بەرۆکی ڕژیمیان گرتووە و حکوومەتی ئیسلامی ڕێگایەکی بۆ خۆدەربازکردن لەم قەیرانانە نییە. لە وەها بارودۆخێکدا شەپۆلی تازەی بانگکردن و دەستگیرکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە کوردستان نیشانەی ترس و وەحشەتی ڕژیم لە پەرەسەندنی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەیە کە گشت دەسەڵاتی ئیسلامی تێکەوەپێچێت

ئێستا ئیتر لە کەس شاراوە نییە کە ئامانجێکی سەرەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەرەپێدانی ڕەشبگیرییەکان، خوڵقاندنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندنی زیاتر و لەم ڕێگەوە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاخێزە کۆمەڵایەتییەکانە. ڕژیمی ئیسلامی دەزانێ کە زۆرینەی ڕەهای کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران و کوردستان ئەم ڕژیمەیان ناوێ و خوازیاری ڕووخانی ئەم دەسەڵاتەن. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ شکستە قورسەکانی یەک ساڵی ڕابردووی خۆی لە ناوچەکە بە کردەوەی سەرکوتگەرانەی زیاتر لە ناوەوە قەرەبوو بکاتەوە و بە وەڕێخستنی شەپۆلی نوێی دەستبەسەرکردن و حوکمی زیندان، کەشوهەوای ترس و وەحشەت بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. بەڵام مێژووی چل و پێنج ساڵەی دەسەڵاتی نگریس و سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامی سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەیە کە خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکار نەتەنیا بە کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕژیم چاوترسێن نەبوون بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حزووری ئیعتڕازیی بەهێزتریان لە مەیدانی خەباتدا نیشان داوە و چاوەڕوانی ڕووخانی هەرچی زووتری ئەم ڕژیمەن

کرێکاران، زەحمەتکێشان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

کۆمەڵە وێڕای مەحکووم کردنی هەوڵی سەرکوتگەرانەی ڕژیمی ئیسلامی و شەپۆلی بەرینی دەستگیرییەکان، داوا لە هەموو خەڵکی ستەملێکراو و خەباتکاری کوردستان دەکات هەروەک ڕابردوو لە زیندانیانی سیاسی پشتیوانی بکەن و هاوڕێ لەگەڵ کەسوکاری زیندانیانی سیاسی و هەموو دەستبەسەرکراوانی ئەم دواییە خوازیاری ئازادی بێ شەرت و مەرجی زیندانیانی سیاسی بن؛ بۆ پشتیوانی لە زیندانیان و بنەماڵەکانیان بەهەر شێوەیەک کە دەگونجێ، بۆ نموونە لەڕێگەی کۆبوونەوە، نارەزایەتی، پێکهێنانی "کۆمیتەکانی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی" هاوئاهەنگ و هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەی زیندانیان و دەستبەسەرکراوان، تێبکۆشن.

**زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت!**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٨ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

٧ی ژانویەی ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان
# لە دەوری بەدیلی سۆسیالیستیی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی یەکگرن

شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێشڕەوی و ڕێکخستنی شۆرایی چینی کرێکار و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان لە جەریانی مانگرتن و نارەزایەتی ڕوو لە گەشەی ئێستا و یەکگرتنیان لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییە پێشڕەوەکان بە ئاسۆ و ستراتێژی سۆسیالیستییەوەیە کە دەتوانێ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و موناسباتی چینایەتی زەمانەت بکات و ئاسۆی ڕزگاری لە هەموو نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری بەڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە

شورای همکاری
نیروهای چپ و کمونیست

شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی سەرچاوەگرتوو لە شۆڕش، دەبێ دەوڵەتێکی شۆرایی و کرێکاری بێت. ئەم دەوڵەتە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەش، سپای پاسداران، هێزە ئینتزامییەکان و هەموو ئۆرگانەکانی سەرکوت و بوروکراتیکی دەسەڵاتدار و ناوەندەکانی تەبلیغ و ئایدیۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای بنەڕەتی و باقی یاسا دژەئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی، بە چەکدارکردنی کرێکاران و خەڵکی شۆڕشگێڕ بۆ بەرگری لە ئازادی، بۆ سەرکوتی موقاومەتی دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشی هەر هێزێک بۆسەر ئازادی و مافەکانی خەڵک، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێت و بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنە بنەڕەتییانەی خوارەوە، وەک مانای ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، پێشڕەوی شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەر دەکات

١ - بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی جێبەجێکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک. پەرەپێدانی شۆراکان لە شوێنی کار و ژیان هەتا ئاستی شاری و ناوچەیی و سەرتاسەری لە جیاتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وێڕای زەمانەتکردنی مافی دەنگدانی گشتی، ئازاد، نهێنی و بەرابەر بۆ هەموو هاووڵاتییان بە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەری. هەر کەسێکی سەرووی ١٦ ساڵ مافی ئەوەی هەیە خۆی کاندید

بکات بۆ بەدەسهێنانی هەر پۆستێک لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە. مافی لەسەرکار لابردنی نوێنەران لەلایەن دەنگدەران، لە هەموو ئاستەکاندا، هەر کاتێک کە زۆرینەیان ئیرادە بکەن.

٢ – دەستبەسەرکردن، موحاکمە و سزادانی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە دادگا گشتییەکاندا

٣ – ئازادی سەرجەم بەندکراوانی سیاسی. هەڵوەشاندنەوەی "تاوان"ی سیاسی و نەمانی زیندانی سیاسی. هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان. بەتاوان ناساندنی ئەشکەنجەدان

٤ – بەتەواوی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە. ئازادی مەزهەب و بێ مەزهەبی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا ئایینییەکان، کۆکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ناوەند




و دامەزاوە ئایینییە حکوومەتییەکان. دەستبەسەرداگرتنی موڵک و دارایی هەموو دامەزراوەکانی بەرهەمهێنەری جەهل و خورافە و تەرخانکردنی بۆ پێداویستییە دەستبەجێکانی خەڵک.

٥ – بەرقەرارکردنی کۆنترۆڵی کرێکاری بەسەر بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردندا

٦ – دابینکردنی بژێوی ژیان و ڕەفاهی هەموو هاووڵاتیان بەپێی ستانداردەکانی دنیای ئەمڕۆ، لەلایەن شۆرا و ناوەندەکانی هەڵبژێردراوی کرێکاران. دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسانی ئامادەبەکاری سەرووی ١٦ ساڵ و سەرجەم کەسانێک کە بە هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە. زەمانەتکردنی پەروەردە و تەندروستی بێبەرامبەر بۆ هەموو هاووڵاتییان

٧ – هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری و ستەمی ڕەگەزی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی. ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی تەواو و بێ شەرت و مەرجی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی دەرفەتی یەکسان بۆیان لە هەموو بوارەکاندا

٨ – قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان. دابین و زەمانەتکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە پەروەردە و تەندروستی و شادی و پێکهێنانی دۆخێکی گونجاو بۆ گەشە و پشکوتنی تواناکانیان. بە تاوان پێناسەکردنی هەرجۆرە دەستدرێژییەکی سێکسی بۆسەر منداڵان و پاراستنی منداڵان لەلایەن دەوڵەتەوە.

٩ – سڕینەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم و جیاکاری و نایەکسانی لە کۆمەڵگا لەڕێگەی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی بەرابەری مافی هەموو هاووڵاتییان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و نەژاد. ڕیشەکێش کردنی ستەمی نەتەوەیی و چارەسەکردنی پرسی نەتەوەیی لەڕێگەی بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی جیابوونەوە بەپێی هەڵبژاردن و دەنگی خۆیان. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هەمان کاتدا خوازیاری یەکگرتوویی ئازادانە و خۆبەخشانەی هەموو دانیشتووانی ئێرانە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم یەکگرتووییە بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە

١٠ – ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی ئازادیی بێ شەرت و مەرجی بیروباوەڕ، ڕادەربڕین، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، ڕێکخراو، تەحەزوب و مانگرتن. قەدەغەکردنی پشکنینی بیروباوەڕ

١١- هەڵوەشاندنەوەی نهێنییەکانی بازرگانی. هەڵوەشاندنەوەی دیپلۆماسیی نهێنی

١٢ – ڕێوشوێنی دەستبەجێ و پلانی درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە گرینگەکانی ئاو و خاک و هەوای سالم

١٣ – بەرقەرارکردنی خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتی بەسەر کەرتە سەرەکییەکانی پیشەسازی، بانکی، خزمەتگوزاری و بازرگانی لە سەردەمی گوزاری شۆڕشگێڕانەدا

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە جێبەجێکردن بڕگەکانی سەرەوە بۆ سۆسیالیستەکان و چینی کرێکار و بەرەی چەپی کۆمەڵگا، واتا و ناوەرۆکی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، کۆمۆنیستەکان و ڕەوتە سیاسییە چەپ و شۆڕشگێڕەکان، ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەرییەکان، بزووتنەوەی بەرابەریی ژن و پیاو و باقی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەژێر یەک ئاڵای سۆسیالیستیدا بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، ئینسانە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان**

لە دەوری بەدیلی سۆسیالیستی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی یەکگرن. ئەم ئاڵتێرناتیڤە خاوەن هێزێکی مەزنە. کرێکاران و زەحمەتکێشان کە لە چەوسانەوە و هەژاری و بێمافی و سەرکوت وەگیان هاتوون، ئەو ژنانەی لەئاستێکی بەریندا بەرەنگاری هەڵاواردنی ڕەگەزی و جیاکاری پیاوسالاری بوونەتەوە، ئەو گەنجانەی لە بێکاری و بێ داهاتوویی وەگیان هاتوون، ئەو خەڵکەی لەدژی کارەساتەکانی ژینگە و داماوی ڕژیم بزووتنەوەیەکی بەرینیان خستووەتە ڕێ، ئەو ئازادیخوازانەی خوازیاری نەمانی ئیستبداد و بەرقەرارکردنی ئازادی بێ شەرت و مەرجی بیروباوەڕ، ڕادەربڕین و ڕێکخراون، هەموو ئەو کەسانەی بۆ نەمانی ستەم و هەڵاواردن و دەستەبەرکردنی ئازادی و بەرابەری تێدەکۆشن، ئەم جەماوەرە مەزنە دەتوانن و دەبێ جێگای خۆیان لە بەرەی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستیدا پەیدا بکەن

***

## خامنەیی و جامی ژەهری سازان لەگەڵ ترامپی "مەلعوون"

شکستی یەک لەدوای یەکی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە ناوچەییەکانی و شکستی ستراتیژی شەڕی پێشگرانە و تێکشکانی هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"، بووەتە هۆی ئەوەیکە حکوومەت لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران لاوازتر لە ڕابردوو بێت. لەئێستادا کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە بەر لەوەیکە ترامپ بچێتە کۆشکی سپی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی گفتوگۆ و دانوستان بکات. ئەو کارەی کە خامنەیی هەتا ئێستا زۆر جار بە قەدەغە ناوی بردووە و وتوویەتی کە لەگەڵ ئەمریکا هەرگیز گفتوگۆ و دانوستان ناکەین. ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی مانگی بەفرانبار عەباس عێراقچی دوای ماوەیەکی زۆر، لەگەڵ دەوڵەتانی ترۆییکای ئورووپا لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی گفتوگۆی کرد. بەڵام بەهۆی ئەوەیکە ئەم کۆبوونەوەیە دەستپێک و پێشەکی بوو بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، زۆری نەخایاند و ڕۆژی سێشەممە کۆتایی هات. دوای ئەم کۆبوونەوەیە عێراقچی لە وتووێژێکدا وێڕای ئاماژەدان بە ئامادەبوون بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا دانی بەوە دانا کە: "لەبەر ئەوەی زۆربەی سزاکان پەیوەندییان بە سزاکانی ئەمریکاوە هەیە، لابردنیان بەوەوە گرێدراوە کە ئورووپاییەکان چون لەگەڵ دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بە ڕێککەوتن دەگەن. هێشتا دەوڵەتی نوێی ئەمریکا دەست بەکار نەبووە و سیاسەت و لێدوانێکیشمان لەم بارەوە نەبیستووە. کۆماری ئیسلامی سیاسەتی خۆی بەپێی هەڵوێستی لایەنی بەرامبەر دادەڕێژێت"

مەسعوود پزیشکیانیش ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی مانگی بەفرانبار لەم پەیوەندییەدا لە وتووێژێک لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "ئێن بی سی" لە تاران، سەرەتا دەستیکرد بە درۆودەلەسە و وتی: "بەدوای زەربە قورسەکانی ئیسرائیل پێگەی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز نەبووە. شکستی هێزە هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە لەوانە حیزبوڵڵای لۆبنان، حەماس، ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سووریە پەیوەندیی بە کۆماری ئیسلامییەوە نییە. ئێمە لەچاو ساڵی ڕابردوو لەئاستی وڵاتدا ئەمنیەتێکی زیاترمان هەیە". دواتر بەشێوەی دیاریکراو وتی: "کۆماری ئیسلامی کێشەیەکی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمریکا نییە و ئامادەی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ترامپە. کێشەی ئێمە دیالۆگ نییە بەڵکوو ئەو بەڵێنانەیە کە لە گفتوگۆکاندا دەدرێ و دەبێ پابەندیان بین. بەڵام ئەمریکا بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانەوە نییە. ئێمە هەرچەندیش گفتوگۆ و دانوستان بکەین، ئەوان هەوڵ دەدەن حکوومەت بڕووخێنن نەک ئەوەی کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەن".

لێدوانی پزیشکیان و عێراقچی سەبارەت بە ئامادەبوون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا لە کاتێکدایە کە خامنەیی هەتا ئێستا گەلێک جار ڕایگەیاندووە کە: "ئێمە بە هیچ شێوەیەک سەبارەت بە پرسە بنەڕەتییەکانی ئینقلاب گفتوگۆ ناکەین، بەتایبەت ترامپ شایەنی ئەوە نییە پەیامیشی بۆ بنێرین. لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکا بەتایبەت لەگەڵ دەوڵەتی ئەم مەلعوونە (بەهۆکاری کوشتنی قاسم سولەیمانی) هەرگیز گفتوگۆ ناکەین". هەڵبەت ڕاگەیاندنی ئامادەبوون بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا ، لە دەسەڵاتی عێراقچی و پزیشکیاندا نییە. لەم پەیوەندییەدا حسێن شەریعەتمەداری نوێنەری کۆنەپەرست و وشک مێشکی خامنەیی لە کەیهاندا ڕایگەیاند: بڕیاری گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمریکا لە سەلاحییەتی سەرۆک کۆماردا نییە و پزیشکیان و تیمەکەی ناتوانن لەمبارەوە بڕیار بدەن. بەڵام پێدەچێت ناوبراو ئاگاداری ئەوە نەبێت کە

ئەساسەن هاتە دەری ناوی پزیشکیان لە سندووقی ئینتخاباتی سەرۆک کۆمار بەئامانجی پێکهێنانی دۆخێکی گونجاو بووە بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا

بەڵام هەڵوێستی جیاوازی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا نابێ بە حیسابی ناتەبابوونیان دابنێن. لەبەر ئەوەیکە خامنەیی و ڕێبەریی سپای پاسداران بەهۆی شکستی سیاسەتی ناوچەیی و پەراوێزخرانی نێونەتەوەیی و پەرەسەندنی قەیران و ئاکامەکانی سزا ئابوورییەکان بەرەوڕووی بنبەست و وەرشکستەیی بوونەتەوە. توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری و ئاکامی سزا ئابوورییەکان حکوومەتی لەبواری داراییەوە تووشی بەربەست



و ئاستەنگی جیددی کردووە. تا جێیەک کە بە ئیعترافی پزیشکیان لەئێستادا ناتوانن حقووقی کارمەندان و خەرجییە پێویستەکانی دیکە دابین بکەن. لەگەڵ هاتنەوە سەرکاری ترامپ و پەرەسەندنی سزاکان، بارودۆخی ئابووری ئێران خراپتر دەبێت و ڕێگایەک بێجگەلە هەوڵدان بۆ گفتوگۆ و سازان لەگەڵ ئەمریکا بە هەر قیمەتێک لەپێناوی لابردنی سزاکان نامێنێتەوە. بەڵام خامنەیی کە هیچ کات خەتای شکستی سیاسەتەکانی خۆی وەئەستۆ ناگرێ، ئەمجارەش سەرەڕای ئەوەیکە لەناو بازنەی دەسەڵاتدا زۆرێک دان بە هەڵەبوون و شکست و ناکامی سیاسەت و ستراتیژی کۆماری ئیسلامی دادەنێن، نایهەوێ ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتییەکەی بگرێتە ئەستۆ. هەر بۆیە، بە دانی چرای سەوزی نهێنی بە دەوڵەتی پزیشکیان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا، خەریکی نۆشینی جامی ژەهرێکی دیکەیە

هەڵبەت پانتایی قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی هێندە بەرینن کە لابردنی سزاکان لەلایەن ئامریکا و ڕۆژئاواشەوە بەسەرەنجدان بە هەزینە یەکجار زۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە لە بواری سەرکوت، سیاسەتی فراوانخوازی و دەستتێوەردان، گەندەڵی، دزی و ڕانتخۆری و هیتر، ناتوانێ ئاڵوگۆڕێک لە ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا پێکبێنێت. بەر لە داسەپاندنی سزا ئابوورییەکانیش ژیان و بژێوی خەڵک، بوارەکانی وەک بیناسازی، پیشەسازی، کشتوکاڵ و هیتر بەرەوڕووی ئاستەنگی و قەیران بوون. لەو سەردەمیشدا لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران دوو سێ بەرابەر لەژێر هێڵی هەژاریدا بوو. بەڵام بەم حاڵەشەوە، سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و باقی دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا جەنایەتکارانەن و دەبێ هەڵوەشێنەوە. لەبەر ئەوەی سزا ئابوورییەکان لە هەمان کاتدا کە دووکەڵەکەی دەچێتە ناو چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە، بۆ مافیای دەسەڵاتی سپای پاسداران، ئاغازادەکان، ڕانتخۆرەکان و دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم، دەور دانەوەی سزاکان دەبێتە دەرفەتێک بۆ پەرەپێدانی دزی و گەندەڵییەکانیان

کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی کۆنەپەرستی، فراوانخوازی و گەندەڵی و دزی کە ڕیشەی لە هەموو ئۆرگانەکانی حکوومەتدا داکوتاوە، تەمەنی بەسەرچووە. بەڵام تەنیا بەهۆکاری ئامادەنەبوونی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینە و ڕێکخراوەنەبوونی توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا توانیوەیەتی دەسەڵاتی درێژە بدات

***

# هیلالی شیعی کۆماری ئیسلامی" شکڵی گۆڕا"

چەککردنی حەشدی شەعبی لە عێراق دوایین زەربە و شکستێکی گەورەی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی مانگی بەفرانبار وەزیری ناوخۆی عێراق "عەبدولئەمیر شەمری" لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلحەدەس بۆ جارێکی دیکە هەڵوێستی توند و ڕاشکاوی حکوومەتی عێراقی لە پەیوەند لەگەڵ کۆکردنەوەی چەک لە وڵاتدا ڕاگەیاند. ناوبراو وتی: "کۆدەنگییەک هەیە لە نێوان حکوومەت و پارتە سیاسییەکان و هاووڵاتییان لەسەر ئەوەیکە دەبێت چەک لە لایەن دەوڵەتەوە قۆرخ بکرێت و بڕیاردان لەسەر چوونە ناو شەڕ یان ئاشتی لە دەستی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان (محەمەد شیاع سودانی) دایە." هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی باڵای پێکهێناوە و قۆناغ و کاتی کۆکردنەوەی چەکی دیاری کردووە. ئەم کارەمان دەستپێکردووە و لەلایەن جەماوەری خەڵکی عێراقەوە پێشوازی لێکراوە. مەبەستی "شەمری" لە کۆکردنەوەی چەک لە عێراق بەشێوەی دیاریکراو چەککردنی گرووپەکانی حەشدی شەعبی سەربە کۆماری ئیسلامییە. لە کاتی دەستپێکی شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە ئەو بەشە لە لایەنەکانی حەشدی شەعبی کە فەرمانیان لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرت، دەیانهەویست وەک بەشێک لە هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"، عێراقیش بکێشنە ناو ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەوە

لەم پەیوەندییەدا شیاع سوودانیش وتی کە ڕێگە بە کەس نادەین عێراق بەرەو شەڕ بەرێت. تەنیا کەسێک دەتوانێ لە عێراق لەسەر شەڕ یان ئاشتی بڕیار بدات کە دەستوور و یاسای بنەڕەتی ئیزنی ئەوەی پێدابێت. هەروەها وتیشی کە ئێمە هەرجۆرە هەڕەشەیەک لەمبارەوە ڕەت دەکەینەوە. سوودانی دوای دیدارەکەی لەگەڵ عەلی خامنەیی لە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباردا، ئەم قسانەی کرد. لەم دیدارەدا خامنەیی بەئامانجی هەڕەشەی ڕووخاندنی حکوومەتەکەی ناوبراو وتی: "ڕووخانی بەشار ئەسەد پیلانی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتێکی دراوسێ بوو. حەشدی شەعبی یەکێک لە پایە گرینگەکانی دەسەڵاتی عێراقە و دەبێ بۆ پاراستن و بەهێزکردنی زیاتر لە ڕابردوو هەوڵ بدرێت". ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە سەروبەندی سەفەرەکەی سوودانی بۆ تاران، ترامپ لەڕاستای سیاسەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە پەیوەند لەگەڵ چەک کردن و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی هۆشداری بە دەوڵەتی عێراق دابوو. هەڵبەت سوودانی ٢٦ی دێسامبریش وتبووی کە: " قۆرخ کردنی چەک لە دەستی دەوڵەت لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق، بەشێک لە بەرنامەی حکوومەتی عێراقە. بەم کارە هەم ئێمە لە فشارەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا نەجاتمان دەبێت و هەم کەسانی تریش لە فۆبیای تاران و واشینگتۆن".

چەککردن و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی لەلایەن زۆرێک لە کەسایەتی و ناوەندەکانی حکوومەتی عێراق تەنانەت حیزبە شیعەکانی ناو "چوارچێوەی هاوئاهەنگی"ش کە لە دەسەڵاتدا بەشدارن قەبووڵ کراوە. لەم پەیوەندییەدا ئایەتوڵڵا سیستانی مەرجەعی تەقلیدی شیعەکان کە لە سەردەمی هێرشی داعش بۆسەر عێراق لە ساڵی ٢٠١٤دا فتوای دامەزراندنی حەشدی شەعبی دابوو، ماوەیەک لەمەوبەر پشتیوانی خۆی بۆ چەککردنی حەشدی شەعبی ڕاگەیاند. "موقتەدا سەدر"یش کە دەمێکە لە بەرامبەر حەشدی شەعبیدا ناچار بووە بێدەنگی بگرێتە بەر، ڕۆژی دووشەممە ١٧ی مانگی بەفرانبار خوازیاری ئەوە بوو کە چەک تەنیا لەدەستی ئەرتەشدا بێت و لە پەیوەند لەگەڵ



سووریە وتی: "ئێمە هەروا بەردەوام لەسەر دەخاڵەت نەکردن لە کاروباری سووریەدا پێداگری دەکەین. لە بەرامبەر بڕیاری خەڵکی سووریەدا نابێ ڕاوەستین. ئەوان بۆخۆیان دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن"

لەلایەکی دیکەوە مەحموود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ڕۆژی ٣٠ی دێسامبر لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی ئەلعەرەبیە وتی: "دوای ئاڵوگۆڕەکانی سووریە، قەوسی هیلالی شیعەی دەستسازی کۆماری ئیسلامی ژێرەوژوور بووەوە و شکڵی گۆڕاوە". ناوبراو لە پەیوەند لەگەڵ پێکهێنانی حکوومەت لە سووریە بەسەرەنجدان بە ئەزموونی عێراق، هۆشداری بە ئەحمەد شەرع دا کە لە پێکهێنانی حکوومەت بەشێوەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حیزبەکان یان (مُحاصَصە)، واتە ئەو شێوازە لە حکوومەت کە هەتا ئێستا لە عێراق و لوبنان بەڕێوەچووە، خۆبەدوور بگرێت و ڕێز لە مافی کەمینەکان بگرێت. هەروەها بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە کۆماری ئیسلامی کرد و وتی: "هەرج و مەرج بێجگەلە یەک دوو وڵات بە قازانجی هیچ کەس نییە". هۆشداری بە دەوڵەتانی عەرەبیش دا کە لە حاست سووریەش وەک عێراق خۆتان بە بێ ئەرک مەزانن و نابێ لە سووریە، دەوڵەتی تورکیە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بێت.

بێگومان چەککردنی گرووپەکانی حەشدی شەعبی شکستێکی قورسی دیکەیە بۆ "ستراتیژی شەڕی پێشگرانە"ی کۆماری ئیسلامی. حەشدی شەعبی لە عێراق هاوشێوەی سپای پاسداران چالاکی دەکات. کۆماری ئیسلامی ئەم ڕێکخراوە پان و بەرینەی بە کەڵک وەرگرتن لە نفوزێک کە لە هەموو ئۆرگانەکانی حکوومەتی عێراقدا بووی، بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش پێکهێنا و ڕەسمی بوونەکەشی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسند کرد. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی و زیاتر لە ٤٠ گرووپی سەربە حەشدی شەعبی لە عێراق کە ژمارەیان زیاتر لە ١٧٠ هەزار کەسە، سەدان ملیارد دۆلار لە سەروەتی خەڵکی ستەمدیدەی عێراقیان تاڵان کردووە و ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار

و زەحمەتکێشی عێراقیان بەرەورووی هەژاری و نەهامەتی بردووە. هەر کام لەو گرووپانە دەفتەر و قەرارگا و هەزاران بەکرێگیراوی چەکداریان هەیە. مووچە و شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ هێزەکانیان و بۆ بنەماڵەی کوژراو و بریندارەکانیان تەرخان کردووە و خاوەنی کەرەستەی نیزامی و چەکی مۆدێرنن و مانگانە دەیان ملیۆن دۆلار لە بوودجەیان بۆ تەرخان دەکرێت. ئەندامێکی کۆمیسیۆنی ئەمنیەت و بەرگری پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد کە تەنیا بوودجەی ڕێکخستنی



حەشدی شەعبی ٥٣٧ ملیارد دینار بووە.

ئەم گرووپە جەنایەتکار و دەستسازەی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بێجگەلە دابینکردنی ڕێگەی قاچاخی ماددەی هۆشبەر بۆ فەرماندەکانی خۆیان و سپای پاسداران و بێجگەلە کوشتن و تیرۆری ٦٠٠ کەس لە ڕێبەران و چالاکانی خۆپیشاندانەکانی ناسراو بە شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ساڵی ٢٠١٩، یارمەتیدەر بوون لە ڕاگرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پێشخستنی سیاسەتەکانیدا. هەروەها کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی نفووزی لە بانک و دامەزراوە داراییەکانی عێراق بە زەوتکردنی ملیاردها دۆلار، سزا ئابوورییەکانی دەور داوەتەوە و بوودجەی سیاسەتی فراوانخوازی و شەڕخوازی خۆی پێ دابین کردووە. بە چەککردن و تێکەڵ کردنی بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەرتەشی عێراق، کۆماری ئیسلامی گرووپێکی تیرۆریستی دیکەی "میحوەری موقاومەت" لەدەست دەدات و چەند هەنگاوی دیکە لە ڕووخان نزیکتر دەبێتەوە. بەڵام سەرەڕای لاوازبوونی بێوێنەی ئەم ڕژیمە تاوانکارە، پێویستە ڕووخاندنی لە مەسیری ئاخێزی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە کە بڕبڕەی پشتی مانگرتنی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییە سەنعەتییەکانە، تێپەڕێت. بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەپێناوی دابینکردنی ئازادی، ڕەفاه، ئاسایش و بەرابەری ئینسانەکان پێکبێت.

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**
**alternative-shorai.tv**

# شکستی ستراتێژی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی و وڕێنەکانی خامنەیی

عەلی خامنەیی ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی مانگی بەفرانبار بۆ سێهەمین جار لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەدەوە بە بیانووی ساڵڕۆژی کوژرانی قاسم سولەیمانی، لە فەرماندە جەنایەتکار و خوێنڕێژەکانی سپای پاسداران، هەوڵی دا سیاسەتی پڕ هەزینە و شکستخواردووی „ستراتێژی شەڕی پێشگرانە“ پاساو بکات. ئامانجی خامنەیی لە دەرکەوتنی بەردەوام و مەوعیزەکانی، ڕووحیەدان بە کەسانی ناو سپای پاسداران و بەسیج و هێزە ئەمنییەکانە کە هیوا و ڕووحیەیان لەدەستداوە. ئەو هێزانەی کە بەدوای شکستی یەک لە دوای یەکی کۆماری ئیسلامی و مەترسیی پەرەسەندنی شەڕی ناوچەیی بەرەو ئێران، نیگەرانی چارەنووس و داهاتووی خۆیانن. بەدوای ئەم شکستانە زۆرێک لە شرۆڤەکاران و دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم تەنانەت لە ناو باڵی ئوسوولگەرادا، ئەمڕۆ کە ئاکامی چوار دەیە شەڕخوازی و ئاژاوەنانەوەی حاکمانی کۆماری ئیسلامی دەبینن، دان بەوە دادەنێن کە هەزینەی گیانی و ماڵیی بەرینی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسلامی بەفیرۆ چووە و داهاتووشیان کەوتووتە بەردەم مەترسی و نابوودییەوە.

لە وەها بارودۆخێکدا خامنەیی دەیهەوێ بە خورافاتی مەزهەبی، ئاکامی ئەو سیاسەتانەی کە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە وڵاتانی ناوچەکە بەڕێوەیبردووە بەپێچەوانە نیشان بدات. لەمبارەوە خامنەیی وتی: „سەرکەوتنی بەرەی حەق حەتمییە. دڵنیا بن ئەوانەی ئەوڕۆ لە سووریە بەمجۆرە ڕمبازێن دەکەن، لەلایەن ئیماندارانەوە پێشێل دەکرێن. پایەگاکانی ئەمریکا لەژێر پێی لاوانی سووریەدا پێشێل دەکرێن. لۆبنان و یەمەن کە هێمای خۆڕاگرین سەردەکەون. ئەگەر ئەم کەسە گیانفیدایانە نەچووبایەن و قاسم سولەیمانی کێو و بیابانەکانی ناوچەکەی نەبڕیبایە و ئەو کەسانەی کە کوژران وەشوێن خۆی نەخستبایە، ئەمڕۆ لەم مەزارە پیرۆزانە هیچ خەبەرێک نەبوو. نە تەنیا لە زەینەبییە بەڵکوو لە کەربەلا و نەجەفیش خەبەرێک نەبوو“. خامنەیی بە ڕێزکردنی وشەی دووپاتە و ناتەبا بەدووی یەکدا، کە نیشانەی نەبوونی تەرکیز و سەرلێشێواوی بوو، وتی „هێندێک بەهۆی لێکدانەوەی نادروست و تێنەگەیشتنەوە باسی ئەوە دەکەن، وە شایەد تەبلیغیشی بۆ بکەن، کە پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ناوچەکە ئەو خوێنانەی لە ڕێگای حەرەمدا ڕژان بەفیڕۆچوون. بێگومان ئەم کەسانە هەڵەن“.

مەوعیزەکانی خامنەیی کە گۆیا بۆ بەرگری لە گۆڕی زەینەب ئەو هەمووە خوێن و سەروەتە بەفیڕۆدراوە، بە ئاشکرا لەگەڵ وتەکانی دواتری و ئامانجی ڕاستەقینەی ناتەبایە. خامنەیی قسەیەک لە عەلی ئیمامی شیعەکانی هێنایەوە کە گۆیا وتوویەتی: „ئەگەر لە ماڵی خۆتان لەگەڵ دوژمنەکەتان بەشەڕ بێن زەلیل دەبن“. هێنانەوەی ئەم قەسەیە بۆ پاساوکردنی هەمان سیاسەتی „ستراتێژی شەڕی پێشگرانە“ی حکوومەتی ئیسلامییە کە بۆخۆیان دەیانگوت: „ئەگەر ئەمڕۆ لە سووریە و لۆبنان بەشەڕ نەیەین دەبێ لە خۆڕەمشار و ئەهواز شەڕ بکەین“. لەم ڕووەوە ئامانجی حکوومەتی ئیسلامی لە گرتنەبەری وەها سیاسەتێکی زێدەخوازانە و شەڕخوازانە، کە ئێستا تێیدا تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە بووە، هەر لە سەرەتاوە لە دروشمەکانی „شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن، وە ڕێگای ئازادیی قۆدس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ“ بە ڕوونی دەدیترا و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئیسلامی بوو. ئەم پاساوەی خامنەیی و باقی سەرانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ وەها شکستێکی سەرشۆڕانە، خۆی „عوزری خراپتر لە تاوان“ە. ئەوان ئەگەرچی دەزانن کە ئیتر میحوەری موقاومەتێک لە کاردا نییە، بەڵام باس لە „بەهێزبوون“ و ساغکردنەوەی بەناو „میحوەری موقاومەت“ و ئەستاندنەوەی سووریە دەکەن. کەوابوو ئامانج لەم درۆودەلەسە و هەڵیت و پڵیتانە شتێک نییە بێجگەلە هەوڵ بۆ ڕاگرتنی هێزە سەرکوتگەرەکانیان کە لەئێستادا تووشی دوودڵی و گومان و سەرلێشواوی بوون. ئەو هێزانەی کە لە دوای شکستی یەک لە دوای یەکی هێزە نیابەتییەکان، تەنیا ئامراز و هیوای خامنەیی بۆ ڕاگرتنی حکوومەتە داڕماو و داماوەکەیەتی.

بەڵام نیگەرانیی ڕاستەقینەی خامنەیی، کابووسێکی یەکجار گەورەتر لە „میحوەری موقاومەت“ە. ئەو دەبینێ دوای شکستی حیزبوڵڵای لۆبنان، دوای ڕووخانی تەنیا حکوومەتی هاوپەیمانی ٤٥ ساڵەی لە سووریە، دوای شکستی حەماس و جەهادی ئیسلامی، دوای هێرشە بەردەوامەکانی ئەمریکا، ئینگلیس و ئیسرائیل بۆسەر دەسەڵاتی حوسییەکان لە یەمەن، ئێستا دەوڵەتی عێراقیش لەژێرناوی „چەک تەنیا دەبێ لەدەستی دەوڵەتدا بێ“ هۆشداری داوە کە گرووپەکانی حەشدی شەعبی دەبێ چەک بکرێن. کەوابوو هەموو ئەو گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستە ئیسلامییانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی پێکیهابوون و یان بە کۆمەکی بێدەریغی ماڵیی ڕژیم چالاکییان دەکرد، لەناوچوون و یان خەریکە لەناو دەچن. خامنەیی و سەرانی دیکەی ڕژیمی ئیسلامی باش دەزانن کە هیوایەک بۆ زیندووکردنەوە و ساغ کردنەوەی دووبارەی ئەوەیکە پێی دەڵێن „میحوەری موقاومەت“ بوونی نییە. لەڕاستیدا ئەم تەبلیغاتە هەر هەمووی فریوکارییە و تەنیا بۆ ڕێگری کردن لە هەڵچوونی تووڕەیی و بێزاریی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ناوەوەی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامی جگە لە سەدان ملیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و بەرهەمی ڕەنج و کاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە لەم ڕێگایەدا بەفیڕۆی داوە. جگە لە دەیان هەزار کەس لە هێز و بەکرێگیراوانی پاسدار، بەسیج، زەینەبیوون، فاتمیوون، حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی کە بە کوشتی داون. سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سووریە، لۆبنان، فەلەستین و شوێنەکانی تری کردووەتە قۆربانی. ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانی تەباه کردووە. بەو قەیرانانەی کە بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی فراوانخوازی و باجگیریی ناوچەیی و جیهانی پێکیهێناوە، زۆربەی کۆمەڵگای گرفتاری هەژاری و برسیەتی کردووە. کۆمەڵگایەکی بە سەرچاوەی دەوڵەمەندی سرووشتییەوە لەگەڵ کەسری بوودجەی تریلیۆن تمەنی و کێشەی نەبوونی ئاو، بەرق، سووتەمەنی، گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاری بەرەوڕوو کردووەتەوە. بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک، دزی، ئیختلاس، ڕانتخۆریی سەدان هەزار ملیارد تمەنی، پارەیەک بۆ دابین کردنی هەزینەی ژیان و حەقدەستی کرێکاران، خانەنشینان و موعەلیمان و پەرستاران و توێژەکانی تر نەماوەتەوە.

بەڵام کرێکاران و توێژە بەشمەینەتەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە درێژەدانی مانگرتن و ناڕەزایەتیی خۆیان نیشانیان داوە کە لێدوانی خامنەیی و سەران و فەرماندەکانی سپا بەلایانەوە هیچ بایەخێکی نییە. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کە شکستی ستراتێژی ناوچەیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەبینن و دەزانن کە هاوسەنگیی هێز چە لەئاستی ناوچەیی و چ لە ناوەوەی ئێران بە زیانی ڕژیمی ئیسلامی گۆڕاوە، خەباتیان بەهێزتر درێژە دەدەن. ئەم قۆناغە، قۆناغی ڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری، پێکهێنانی شۆرا و ناوەندەکانی دەسەڵاتی کرێکاری و جەماوەری و قۆناغی ئامادەبوون بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییە.

❊❊❊

# "مانۆڕی پێشگرانەی پێغەمبەری مەزن،" نیشانەی ترسی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینی جەماوەرییە



شکستی سیاسی و نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئاستی ناوچەیی و تێکشکانی هێزەکانی بەناو „میحوەری موقاومەت“، بەرپرسان و فەرماندەکانی ڕژیمی لەئاستە جۆاوجۆرەکاندا تووشی بێهوایی و نیگەرانی کردووە. مەوعیزە و درۆودەلەسەی چەند جارەی خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ڕژیم و سپا بۆ جێخستنی ئەو قسە بێبنەمایەی کە گۆیا „شکستمان نەخواردووە، میحوەری موقاومەت زیندوو و بەهێزە و بەهێزتر دەبێت“، نەیتوانیوە لە بەرزکردنەوەی ورەی ڕیزەکانیاندا کاریگەر بێت و خاترجەمیان کات. بەڵام ئەوە بەتەنیا بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕژیم نین کە باوەڕیان بە مانەوەی ڕژیم لەدەستداوە، بەڵکوو بێتوانایی ڕژیمی ئیسلامی لە بواری بەرگری نیزامی بەرامبەر بە هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل و بێتوانایی لە بورای چارەسەرکردنی قەیران و ئیدارەی کۆمەڵگا بووەتە لێدوانی زۆرێک لە خەڵکی ئێران و باس لە نزیکبوونی ڕووخانی ڕژیم دەکەن. لە وەها هەلومەرجێکدا فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران بە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی ئەم بارودۆخە و زاڵبوون بەسەر فەزای وەحشەت و نیگەرانی و نیشاندانی توانای نیزامی، دەستیان کردووە بە مانۆری نیزامی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا تا بە خەیاڵی خۆیان توانا و هێزی نیزامی دیفاع لە خۆیان بە ناوەوە و دەرەوەی ئێران نیشان بدەن.

بە وتەی پاسدار شادمانی فەرماندەی قەرارگای مانۆرەکانی بەناو „ئیقتدار“ی ڕژیم، ئەم مانۆرانە کە لە ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی مانگی بەفرانبارەوە دەستپێکردووە دوو مانگ دەخایەنێت. هەڵبەت ئەم مانۆڕانە کە ناویان ناوە „مانۆڕی پێشگرانەی پێغەمبەری مەزنی ١٩“، زیاتر بۆ نیشاندانی نۆژنکردنەوە و ساغکردنەوەی سیستەمی مووشەکییە کە لە هێرشی مانگەکانی ڕابردووی ئیسرائیلدا لەناوچووبوو و هاوکات پەیامێکیشە بۆ نەتانیاهۆ. لە بارودۆخێکدا کە هێزە نیابەتییەکانی „میحوەری موقاومەت“ی ڕژیم لە غەززە، لۆبنان، سووریە یەکجار لاواز بوون، ئیسرائیل، ئەمریکا و باقی هاوپەیمانانی لە هەوڵی ئەوەدان تا دەستی کۆماری ئیسلامی لە باقی هێزەکانی سەر بە ڕژیم لەوانە حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکانی یەمەن لەڕێگەی چەککردنیانەوە، کورت بکەنەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی مانگی بەفرانبار محەممەد شیاع سوودانی وێڕای بڵاوکردنەوەی پەیامێک سەبارەت بە پێویستی چەککردنی ئەو دەستەیە لە هێزەکانی حەشدی شەعبی کە فەرمان لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرن، چووە تاران و لەگەڵ خامنەیی و پزیشکیان دیدار و گفتوگۆی کرد. ناوبراو هۆشداری ئەوەی بە خامنەیی دا کە ئەگەر ئەم هێزانە چەکدار بمێننەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر عێراق و ئێران. بەڵام عەلی خامنەیی سەبارەت بەم بابەتە خۆی لە گێلی دا و لە وڵام بە سوودانیدا وتی: „حەشدی شەعبی یەکێک لە هێماکانی دەسەڵات لە عێراقە و دەبێ بپارێزرێ و بەهێز بکرێت. پێویستە داگیرکارییەکانی ئەمریکا لە عێراق بەجیددی بەریان پێ بگیرێت“. پێداگری خامنەیی لەسەر پێویستی پاراستن و بەهێزکردنی گرووپە تیرۆریستەکانی حەشدی شەعبی سەر بە ڕژیم لە کاتێکدایە کە ڕۆژنانەی واڵستریت جۆرناڵ هەر لە ڕۆژی چوارشەممەدا باسی لە بەرنامەی دەوڵەتی ترامپ بۆ توندکردنەوەی سزاکان وێڕای بژاردەی نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی کرد.

بەڵام ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لە وەڕێخستنی مانۆڕی نیزامی پێشگرانە، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ „مەترسی“ی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و ئاخێزی سەرتاسەری بەهۆی پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و باقی توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگایە کە ڕۆژانە لە ناوەوە لەئارادایە و گەشە دەستێنێت. سپای پاسداران بە ئامانجی پێکهێنانی کەشوهەوای نیزامی و ئەمنیەتی لە ناو شارەکان بەتایبەت لە تاران، مانۆڕی بەسیجییەکانی لەناو شاری تاران بە مانۆڕە نیزامییەکانی زیاد کردووە. فەرماندەی سپای تاران دانی بەوە دانا کە ئامانجی ئەم مانۆڕە نیزامییە کە بە ئیدعای ئەو بە بەشداری ١١٠ هەزار بەسیجی بەڕێوەدەچێت، ئامادە کردنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەرجۆرە هەڕەشەیەکی ئینسانی بۆسەر پایتەختە. وەها مانۆڕێک بە بەشداری ئەم ژمارەیە لە بەسیجی مفتەخۆر، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێرشی مووشەک، درۆن یان فڕۆکەی جەنگی دەسەڵاتەکانی دەرەوە نییە. بەڵکوو تەنیا خۆئامادەکردنە بۆ سەرکوت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتی و مانگرتنی ناوخۆیی یان بە قەولی وتەبێژی سپای پاسدارن بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ئینسانییە. سەرانی ڕژیم دەزانن کە لەگەڵ خراپتر بوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بژێوی خەڵک، کۆمەڵگای ئێران گەیشتووەتە ئاستی تەقینەوەیە.

ئاشکرایە کە ئامانج لە بەڕێوەبردنی وەها مانۆڕێک ئامادەکردنی هێزەکانی ڕژیم بۆ بەرەنگاربوونەوە و سەرکوتی مانگرتن و ناڕەزایەتی ڕوو لە گەشەی جەماوەری خەڵکە. چونکە ڕژیمی داماو و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتە نگریسەکەی، ڕێگا و ئامرازێکی بێجگەلە سەرکوتی خەڵک لە ئیختیاردا نییە. کێشەی سەرەکی ڕژیم ئەوەیە لە دەروەی وڵات ستراتێژی نیزامییە پڕ هەزینەکەی کە پێی دەڵێ „شەڕی پێشگرانە“ شکستی خواردووە. وە لە ناوەوەش سیاسەتە ئابوورییەکانی تووشی ئیفلاس و وەرشکستەیی بووە و بەهۆیەوە گرانی و هەژاری و بێکارییەکی بێوێنە کۆمەڵگای داگرتووە و ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سەخت و تاقەت پڕووکێن کردووە. حکوومەتی ئیسلامی کە لە وەدیهێنانی پێداویستییەکانی خەڵکی زەحمەتکێشدا بێتوانایە ڕۆژانە بەرەنگاری مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێتەوە. زۆرێک لە خەڵک بارودۆخی ئێستای ڕژیم بە هاوشێوەی بارودۆخی بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ی هەتاوی هەڵدەسەنگێنن و لەو باوەڕەدان کە ئاڵوگۆڕی گەورەی کۆمەڵایەتی بەڕێوەیە و کۆماری ئیسلامی لە ڕووخانی نزیکە. پێویستە بوترێ کە خامنەیی و ڕێبەری سپای پاسدارانیش سەرەڕای درۆودەلەسە و خۆهەڵکێشانی بەردەوامیان لەم بابەتە ئاگادارن و بێتوانایی و داماویی دەسەڵاتەکەیان لەم بارودۆخەدا بووەتە نیگەرانی و کابووسی هەمیشەییان.

بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامی بەئاشکرا هێزە سەرکوتگەرەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مانگرتن و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ئامادە دەکات، پێویستە ئەوانیش خۆیان بۆ تێکشکاندن و ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئیسلامی ئامادە بکەن. چەکی دەستی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، مانگرتنی سەرتاسەری و ڕێکخراوی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی سەنعەت و خزمەتگوزاری، وێڕای ئیعتراز و مانگرتنی سیاسی و جەماوەری توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگایە. ئەم چەکە بەهێزە دەتوانێ ستراتێژی سەرکوتی ڕژیم تووشی شکست بکات. لە وەها بارودۆخێکدا و لە جەرگەی درێژەی مانگرتنی کرێکاری و خەباتی جەماوەریدا، ئەرکی خێرای ڕێبەران و چالاکانی چەپ و کۆمۆنیست و پێشڕەو، هەوڵی ڕێکخراو و بەردەوام بۆ پێکهێنانی ناوەند و ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییەکان لەوانە شۆرا، سەندیکا لە ناوەندە کرێکارییەکان، پێکهێنانی ئەنجومەن و شۆراکانی ژنان و ناوەندە جەماوەرییەکان لە گەڕەکەکان بەتایبەت لە پەراوێزی شارەکانە. واتە ئەو هەنگاو و چالاکییانەی لە خزمەت ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدان.

❊❊❊

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

# درووشم و داخوازییەکانمان دروست هەڵبژێرین و درۆکانی دەسەڵات و سەرمایەداران لەقاو بدەین

دەوڵەت، سازمانی تەئمینی ئیجتماعی و ناوەندەکانی خانەنشینان وەک باسکی پشتیوانی دەوڵەت، دەمێکە خانەنشینانی زەحمەتکێشیان بە یاریی هەمسانسازییەوە مەشغووڵ کردووە و بە وادە و بەڵێنی پووچ و بێبنەما کە هیچ دەردێک لە دەردەکانی خانەنشینان دەوا ناکات، هەوڵ دەدەن وای نیشان بدەن کە یاسای هەمسانسازی ئەگەر دروست و بە وردی بەڕێوەبچێت ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خانەنشیناندا پێکدێت.

ئەگەر ماددەکانی ٩٦ و ١١١ی یاسای تەئمینی ئیجتماعی بخوێننەوە دەبینن کە ئەم ماددانە هیچ کێشە و گرفتێکی خانەنشینان چارەسەر ناکەن و لە باشترین حاڵەتدا لەسەر بردنەسەری حقووق و مووچە تەئکید دەکەن کە لە بارودۆخی گرانی ئێستا و تەوەرۆمی سەرووی ٥٠ لەسەددا، تەنانەت بەشی خەرجی ژیانی هەفتەیەکی بنەماڵەیەکی ئاساییش ناکات. ئەوەیکە واقعییە و ئێمە هەموو ڕۆژێ لە ژیانی خۆماندا تەجروبەی دەکەین ئەوەیە کە حقووقی خانەنشینان مانگانە ٤٠ هەتا ٥٠ ملیۆن تمەنیش بێت، بە سەختی دەتوانێ خەرجی ژیانی بنەماڵەیەکی چوار کەسی دابین بکات. ئەوەیکە دەڵێن جێبەجێ کردنی دروستی هەمسانسازی دەتوانێ ژیانی خانەنشینان لەم فەلاکەتە نەجات بدات، درۆیەکی گەورەیە و هیچی تر

با بڕێک قووڵتر بیر بکەینەوە. واقعبینانە سەیری ژیان و بژێوی خۆمان بکەین و سەیری فیشی حقووقەکانمان بکەین. بەپێی ئامار زۆرینەی خانەنشینان کەمترین ئاستی حقووقیان پێدەدرێ. (نزیک بە ٧٨٪ی خانەنشینانی دەوڵەتی حقووقێک لە نێوان ٩ تا ١١ ملیۆن تمەن وەردەگرن). کەمتر لە ٥٪ی خانەنشینانی دەوڵەتی کە ژمارەیان دەگاتە ٧٩ هەزار کەس حقووقێکی کەمتر لە حەوت ملیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەن وەردەگرن. ڕێژەیەکی کەمیش لە خانەنشینان کە لەڕووی ئامارەوە ناگاتە ٥.١٪ حقووقەکانیان زیاتر لە ٢٠ ملیۆن تمەنە

ئێمە لێرەدا بەئانقەست ئاماری حقووقی خانەنشینانی کشوەریمان باس کرد کە مامناوەندی حقووقیان زیاتر لە حقووقی کرێکارانی خانەنشینی تەئمینی ئیجتماعییە. ئێستا بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە وەرگیراون، ئەگەر باڵاترین بڕی هەمسانسازی کە لە دوو ملیۆن تمەن زیاتر نییە (واتە یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار تمەنە) بە ١١ ملیۆن تمەن زیاد بکرێت، زۆرینەی ٧٨٪یی خانەنشینان بڕی ١٣ ملیۆن تمەن لە مانگدا وەردەگرن! ئایا بەڕاستی ١٣ ملیۆن تمەن دەتوانێ ژیان و گوزەرانی یەک مانگی بنەماڵەیەک دابین بکات؟ بێگومان وڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. مانگانە ١٣ ملیۆن تمەن دەتوانێ خەرجی یەک هەفتە تا دە ڕۆژی بنەماڵەیەک ئەویش لەژێر هێڵی هەژاریدا دابین بکات.

هەڵبەت هاوڕێیانی خانەنیشن و کرێکاران ئاگادارن کە ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و خانەنشینان لە مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٢دا، بەر لەوەیکە بەناو شارەزایانی ئابووری حکوومەت و پەیڕەوانیان لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بە چورتکەکانیان دەست بکەن بە جیرەبەندی بۆ بژێوی کرێکاران، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک سەبارەت بە لانیکەمی حەقدەست، بەدروستی باسی تەوەروم و گرانی و هێرش بۆسەر بژێوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشیان دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ڕایانگەیاند کە مامناوەندی خەرجی ژیانی بنەماڵەیەکی چوار کەسی لە ساڵی ١٤٠٣دا مانگانە لە




٤٥ ملیۆن تمەن کەمتر نابێت. بێگومان پەرەسەندنی بەردەوامی هەژاری لە کۆمەڵگا و هاتنەخواری توانای کڕینی جەماوەر و ژیانی دژوار و تاقەت پڕووکێنی کرێکاران و خانەنیشنان، بە بێ هیچ لێکدانەوە و شیکارییەک خۆی چەوسێنەربوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنێ.

ئێمە بە هەر ڕێژەیەکیشەوە بێت هەرگیز دژی بردنەسەری حقووق و مووچەی خانەنشینان نین. بێگومان ١٣ ملیۆن تمەن لە ١٠ ملیۆن تمەن باشترە. بەڵام ئایا دەتوانین مەسڵەحەت فیدای واقعییەت بکەین و بەهۆکاری ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی نابیستێت و بایەخ بە مەرگ و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان نادات، ڕاستییەکان نەڵێین؟ هێندێک کەس دەڵێن "بۆچی دەبێ داوای حقووقێک بکەین کە دەوڵەت و خاوەنکاران نایدەن". ئایا دەبێ قسەی ئەم کەسانە بکەینە سەرمەشقی خۆمان و مافی ڕەوای کرێکاران (لەوانە کرێکارانی شاغڵ، خانەنشین و بێکار) بەیان نەکەین؟ یان بەم دەلیلە نادروستانە ئێمەش دەبێ لەئاست وەزعییەتی خۆمان و باقی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا و لەئاست بارودۆخی تاقەت پڕووکێنی ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگا کەمتەرخەم بین؟ ئایا دروستە خۆمان لە دەربڕینی خواستەکانمان بەدوور بگرین یان بە نیوەچڵی بیانڵێین، چونکە وڵات بە دیکتاتۆرییەت و چەوسانەوە بەڕێوەدەبرێت و یاسا نامانپارێزێت؟

وتنی خواستەکانمان بە مانای دەربڕینی حەقە. ئەوە ماف و حەقە کە خانەنشینان دێنێتە سەر شەقام و هاوار دەکەن: "هەتا بە مافمان نەگەین بۆ ساتێک پشوو نادەین". بە واتایەکی تر ئاگاداربوون لە ماف و بەیانکردنیەتی کە نارەزایەتی و ئیعتراز پێکدەهێنێت و خەبات ڕێکدەخات. نارەزایەتی ئێمە ڕیشەی لە حەقیقەتی ژیانماندایە. کەواتە ژیان لە ئاستی مامناوەندی کۆمەڵگادا کەمترین مافە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێت هەیانبێت

دەبێت بە دەوڵەت و وەزیر و پارێزەر و گشت حکوومەت بڵێین یاسایەک قبوڵ ناکەین کە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانماندا نەهێنێتە ئاراوە و بە پێچەوانەوە ڕێگریمان لێبکات لە بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر. لەم ڕووەوە یاسای واقیعی ژیانمان دەکەینە بنەمای حەرەکەت و کردارمان. خانەنیشنان و کرێکاران بە دەنگی بەرز دەڵێن: لەوە زیاتر درۆمان لەگەڵ مەکەن و بە ئاماری ساختە و هەڵە جەماوەری زەحمەتکێش بێزار مەکەن. لە ڕوانگەی خانەنشینان، کرێکاران، پەرستاران، مامۆستایان و هەموو ئەوانەی لەم کۆمەڵگایەدا دەژین و بە زەحمەتی خۆیان بژێوی ژیانیان دابین دەکەن، هەمسانسازی یانی بەهرەمەندبوونی یەکسان لە نیعمەتەکانی ژیان لە ئاستی مامناوەندی کۆمەڵگادا، بەبێ خەمی نان، خواردن، جلوبەرگ، تەندروستی و دەرمان، پەروەردە، نیشتەجێبوون، سەیران و کات بەسەر بردن.

هەموو خانەنشنانی کشوەری، لەشکری، تەئمینی ئیجتماعی، فوولاد، نەوت، شارەدارییەکان، ڕێگەی ئاسن و هیتر بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەژاری گشتی و بردنەسەری ئاستی ژیانی خۆیان خەباتێکی یەکگرتووانە ڕێکدەخەن. کرێکاران لە هەموو بەش و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، خزمەتگوزاری، کەشاوەرزی و فکری، لەم خەباتەدا یەکگرتوو و هاوپەیمانی خانەنیشنانن. تاکە ڕێگا بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاری و نەهامەتی و چێژوەرگرتن لە ژیانێکی بێخەم، خەبات بۆ گۆڕینی چارەنووسی کرێکاران و زەحمەتکێشانە

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

١٧ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

❊❊❊

# بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

## بەیاننامەی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی موعەلیمان

# بۆ پشتیوانی لە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" و ناڕەزایەتی دژبە حوکمەکانی ئێعدام

پەسەندکردنی حوکمی ئێعدامی چوار بەندکراوی سیاسی لە ڕۆژانی ڕابردوو، کە بریتین لە موجاهد کوکور، پەخشان عەزیزی، مێهدی حسێنی و بێهرووز ئێحسانی نیشانەی پەرەسەندنی بەرنگاربوونەوەی دەسەڵات دژبە خەڵکە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕۆژێ شایەدی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی بەندکراوانی بێ ناو و نیشانین بە تاوانی غەیری سیاسی کە خۆی نیشانەی کەڵک وەرگرتنی حکوومەتە لە ئامرازی ئێعدام بۆ سەرکوتکردنی کۆمەڵگا.

ئەم حوکمانە هاوکات لەگەڵ پەنجاهەمین هەفتەی مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی ئەندامی کەمپەینی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" دەرکراون. حکوومەت بەم کردەوەیەی پەیامێکی ڕوون بۆ بەندکراوانی دژبەری ئێعدام دەنێرێ. پەیامەکە ئەوەیە:"ڕاگرتنی ئێعدام لە هیچ باروودۆخێکدا نایەتە دی".

بەداخەوە دەرکردن و پەسندکردنی حوکمی ئێعدام تەنیا بەم کەسانە سنووردا نییە. لە ئێستادا لانیکەم ٥٤ بەندکراوی سیاسی و عەقیدەتی بە ئێعدام مەحکووم کراون و زۆربەیان لە چاوەڕوانیی جێبەجێ کرانی حوکمەکەیاندا بەسەر دەبەن. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە مەحکوومکراون بە ئێعدام بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر، قەتڵ و تۆمەتەکانی دیکە لە ڕیزی جێبەجێکردنی ئەم حوکمەدان.

بەو پێیەی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام لە جیاتی پێشگرتن دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توندوتیژی، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ڕاشکاوانە ڕایگەیەنین: ئێعدام هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی کۆمەڵایەتیی نییە و تەنیا ئامرازێکە بۆ چاوترسێن کردن و سەرکوتی کۆمەڵگا. ئێمە پشتوانیی تەواوی خۆمان لە بەندکراوانی ئەندامی کەمپەینی „سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" کە هەموو هەفتەیەک دژبە سزای




ئێعدام مانگرتن لە خواردن بەڕێوەدەبەن ڕادەگەیەنین. هەروەها ناڕەزایەتی توندمان بەدژی پەسندکردنی حوکمی ئێعدامی زیندانیانی وەک موجاهد کورکور، پەخشان عەزیزی، مێهدی حسێنی و بێهرووز ئیحسانی دەردەبڕین.

هەر ئێعدامێک بە مانای ئەستاندنی بەئانقەست و ئاگاهانەی گیانی یەک ئینسانە. ئێمە هەروەک ئەندامانی ئەم کەمپەینە، لەسەر ئەو باوەڕەین کە تەنیا ڕێگای ڕاگرتنی ڕەوتی ئێعدام، هاوپشتی و هەڵگرتنی هەنگاوی بەکۆمەڵە.

وەرن با هەموومان پێکەوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی تۆمەت و ئاراستەی سیاسی و فکری، لە هەموو بەندکراوان (سیاسی و غەیرەسیاسی) کە مەترسیی ئێعدامیان لەسەرە پشتیوانی بکەین و هەنگاوی کردەوەیی لەم ڕێگایەدا هەڵگرین.

واژۆکاران:

ئەنجومەنی سینفیی فەرهەنگیانی ئیسلام ئابادی غەرب
کانوونی سینفیی موعەلیمانی ئیسلامشار
کانوونی سینفیی فەرهەنگیانی شارستانی ئەلیگوەرز
کانوونی سینفیی موعەلیمانی پارێزگای بووشێهر
کانوونی سینفیی موعەلیمانی ئێران (تاران)
ئەنجومەنی سینفیی موعەلیمانی فارس
ئەنجومەنی سینفیی موعەلیمانی کوردستان – سنە
ئەنجومەنی سینفیی موعەلیمانی کوردستان – سەقز و زێویە
ئەنجومەنی سینفیی موعەلیمانی کوردستان – مەریوان و سەوڵاوا
کانوونی سینفیی فەرهەنگیانی پارێزگای مازەندەران
ئەنجومەنی سینفیی فەرهەنگیانی شارستانی هەرسین

***

## بەیاننامەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران و دەوروبەر

# ئەندامانی سەندیکا، ئیبراهیم مەددەدی، داود ڕەزەوی و چالاکانی کرێکاری ڕەیحانە ئەنساری‌نەژاد و ئانیشا ئەسەدوڵڵاهی دەبێ ئازاد بکرێن!

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران و دەوروبەر خوازیاری ئازادی بێ شەرت و مەرجی هەموو چالاکانی کرێکاری، موعەلیمی، خوێندکاری و مەدەنی زیندانیکراو لە سەرتاسەری ئێرانە. هەروەها سەندیکا بەشێوەی دیاریکراو خوازیاری ئازادی دەستبەجێی دوو ئەندامی بەندکراوی خۆی، ئیبراهیم مەددەدی و داود ڕەزەوی و هەروەها چالاکانی کرێکاری و پشتیوانانی بەندکراوی سەندیکا، ڕەیحانە ئەنساری‌نەژاد و ئانیشا ئەسەدوڵڵاهییە

ئیبراهیم مەددەدی ئەندامی سابت قەدەم و جێگری هەیئەتی مودیرەی سەندیکا، لە ١٢ی گەلاوێژی ٣٠٤١وە بۆ تێپەڕاندنی یەک ساڵ زیندانی ناعادڵانەی پەیوەندیدار بە ساڵی ٤٩٣١، لە بەندی ٨ی زیندانی ئێڤیندا ڕاگیراوە. ناوبراو پێشتریش جارێک سێ ساڵ و نیو و جارێکی تر نزیک بە چوار مانگ زیندانی کرابوو. هەروەها زۆر جاریش دەستبەسەرکرانی کورتماوە و درێژماوەی تەجروبە کردووە و بەر لە خانەنشینی زۆرەملە، چەندین ساڵ بوو لەسەر کار دەرکرابوو و گەلێک هەزینەی قورسی داوە. ئیبراهیم مەددەدی تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵە و تووشی چەندین نەخۆشی بووە و باری تەندروستی باش نییە

داود ڕەزەوی، ئەندامی هەیئەتی مودیرەی سەندیکا و لە چالاکانی پایداری سەندیکا کە لە ساڵی ٣٨٣١ەوە بەردەوام چالاکیی هەبووە، ٥ی مانگی ڕەزبەری ١٠٤١ دەستبەسەرکرا و بەشێوەی ناعادڵانە بە پێنج ساڵ زیندان مەحکووم کرا. ناوبراو لەئێستادا لە بەندی ٤ی زیندانی ئێڤیندا زیندانی کراوە. داود ڕەزەوی پێشتریش زۆر جار دەستبەسەر کرابوو و جارێک بە پێنج ساڵ حوکمی تەعلیقی مەحکووم کرابوو. داود ڕەزەوی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆری هەیە و درێژەی بەندکرانی بووەتە هۆی خراپتر بوونی باری تەندروستی. بەڵام سەرەڕای ئەم بارودۆخە تەنانەت یەک ڕۆژیش پشووی پێنەدراوە

ڕەیحانە ئەنساری‌نەژاد، چالاکی کرێکاری و لە پشتیوانانی سەندیکا، ٢٢ی مانگی گوڵانی ١٠٤١ دەستبەسەر و بە چوار ساڵی زیندانی نادادپەروەرانە مەحکووم کرا. ناوبراو لە ئێستادا لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤیندا زیندانی کراوە. ڕەیحانە کە پێشتریش دەسبەسەرکرابوو، سەرپەرستی تاقانە کچەکەی بوو و لە ئێستا بەرەورووی بارودۆخێکی سەخت بووەتەوە. ئەو لە مانگەکانی ڕابردوودا تەنانەت لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کچەکەشی بێبەری کراوە

ئانیشا ئەسەدوڵڵاهی، موعەلیم، وەرگێڕی سەندیکا و لە پشتیوانانی چینی کرێکار، لە ٩ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٠٤١دا دەستبەسەرکرا و لە دیوانی باڵای وڵاتدا بە سێ ساڵ و حەوت مانگ زیندانی نادادپەروەرانە مەحکووم کرا. ئەویش لە بەندی ژنانی زیندانی ئێڤیندا زیندانی کراوە. ئانیشا پێشتر لە بۆنەکانی وەک ڕۆژی جیهانی کرێکاری ساڵی ٨٩٣١یشدا دەستبەسەرکرابوو. بەرپرسانی زیندان چەندین مانگ لە چاوپێکەوتنی حزووری ناوبراو ڕێگریان کردبوو

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید تەئکید دەکات کە درێژەی زیندانی کردنی ئەندامانی سەندیکا و دەستبەسەرکردنی کرێکاران و چالاکانی کرێکاری هیچ پاساوێکی یاسایی و ئینسانی نییە. پێویستە دەستبەجێ هەموو چالاکانی کرێکاری زیندانیکراو ئازاد بکرێن و پەروەندەی درۆینە و ئەزیەت ئازاردانیان کۆتایی پێبێت!

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبووسرانی تاران و دەوروبەر

٠٢ی بەفرانباری ٣٠٤١ی هەتاوی

***

## بەیاننامەی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

# بۆ مەحکووم کردنی حوکمی ئێعدامی پەخشان عەزیزی

پێویستە ڕەساتر لە ڕابردوو لەدژی سزای کۆنەپەرستانە و دژەئینسانی ئێعدام دەنگ هەڵبڕین و لێبڕاوانە لەو ئینسانە بێتاوانانەی ئەم حوکمەیان بەسەردا سەپاوە دیفاع بکەین.

دیوانی باڵا داوای پێداچوونەوەکەی پەخشان عەزیزی ڕەتکردەوە و سزای لەسێدارەدانی پەسەند کرد. ئەم هەواڵە دڵتەزێنە لەلایەن ئەمیرڕەئیسییان پارێزەری پەخشان عەزیزییەوە بڵاوکرایەوە. ناوبراو دەڵێت: " هیچ کام لەو نارەزایەتییانەی کە سەبارەت بە پەروەندەی پەخشان عەزیزی بەیان کرابوو، لەلایەن دیوانی باڵاوە وڵامی پێنەدراوەتەوە و بایەخ بە ئیراداتی ئەم پەروەندەیە لەوانە ئیراداتی شێواز و ناوەرۆک نەدراوە. هەروەها هیچ سەرەنج و بایەخێک نەدراوە بەو بەڵگانەی کە نیشانی دەدەن پەروەندەی پەخشانی عەزیزی بۆ حوکمی ئێعدام نابێ و چالاکی ناوبراو لە باکووری سووریە لە کەمپی ئاوارەکانی شەنگال و باقی کەمپەکانی شەڕی داعش، ئاشتیخوازانە بووە و ئەساسەن سیاسی نەبووە و بە مەبەستی فریاگوزاری ئەنجام دراوە". ئەوەیکە قازییەکانی ئەم پەروەندەیە لە لقی ٢٦ی دادگای ئینقلابی تاران و لقی ٣٩ی دیوانی باڵا چاوییان بەسەر ڕاستییەکاندا بەستووە، نیشانەی عەزم و ئیرادەی ئەو بێدادگایەیە کە حوکمی زەوتکردنی مافی ژیانی لە پەخشان عەزیزی دەرکردووە.

پەخشانی عەزیزی بەهای بەڵێنداربوون بە مافی ئینسانی ئەو خەڵکە ستەمدیدەیە دەدات کە لە هەموو لایەکەوە کەوتبوونە بەر هێرشی گرووپە کۆنەپەرستەکانی داعش، ئەرتەشی تورکیە، ناتۆ، دەسەڵاتی سووریە و ڕووسیە و سپای قۆدس. پەخشانی عەزیزی بە حزووری خۆی لە باکووری سووریە لە کەمپی شەنگال و کەمپەکانی دیکە پەرستار و فریاگوزاری ئاوارەکان بوو بۆ ئەوەی لە دەرد و ژانی جەستەیی و دەروونیی ژنان، منداڵان و خەڵکی ستەملێکراو کەم بکاتەوە. ئەو نەک بە چەکی مەرگبار بەڵکوو بەدەستی بەتوانا و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و بەزەیی و ئینساندۆستییەوە، یارمەتی زیانلێکەوتووانی شەڕی دەدا. لە بێزاربوون لە شەڕ و خوێنڕشتن و داگیرکاری، لە ئارامی و ئاسوودەیی بۆ خەڵک دەدوا. دادگاکانی کۆماری ئیسلامی و قازییە میرغەزەبەکان لەبەر ئەوە ئەم حوکمەیان بۆ دەرکردووە بۆ ئەوەی دڵە گەورەکەی کە بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی کورد لێدەدات بەتاوانی یارمەتیدانی خەڵک و لە بەرەی خەڵکدا مانەوە، لە لێدان بخەن.

دەرکردنی وەها ئەحکامێکی زاڵمانە لەدوای ئاخێزی گەورەی ١٤٠١ و ژن، ژیان، ئازادییەوە پەرەیسەندووە. بەتایبەت ژنانی چالاکی زەحمەتکێش کراونەتە ئامانجی زۆرترین سەرکوتی وەحشیانە و توندوتیژی تا بە پەروەندەسازی بێبنەما و سێناریۆی درۆینەی ئەمنیەتی، لە نارەزایەتی و ئاخێزەکانی شەقام و لە ڕێکخستنی جەماوەری وەگیانهاتوو ڕێگری بکەن. سەرکوتگەرانی دەسەڵاتدار لە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆدا، لەگەڵ هێزی لێبڕاو و چالاک و ڕاپەڕیوی ژنان و کچانی لاو کە دژی ستەم، هەڵاواردن و چەوسانەوەن ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەوان سەرەڕای کوشتاری خوێناوی، ساچمەباران کردنی جەستە و چاوی ڕۆڵە ئازاکانی خەڵک، سەرەڕای دەستبەسەرکردنی بەرین و حوکمی زیندانی درێژماوە و ئێعدام، پاشەکشەیان نەکرد و ئێستاش بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا چالاکانە بەشدارن.

لەم ڕووەوە دەسەڵاتداران بەخەیاڵی خۆیان و بەپێی مەنتقی سەرکوتگەرانەیان، دەبێ ڕیشە و پۆتانسیەلی بەهێزی ژنانی خەباتکار و زیندانیانی سیاسی وشک بکەن و ترس و خۆف و زەبروزەنگ هەموو کۆمەڵگا دابگرێت. پەرەپێدانی ئێعدامەکان، بەتایبەت ئێعدامی ژنانی تێکۆشەر لە وەها بەستێنێکدا قابیلی دەرکە

ڕێکخراوە سەربەخۆکانی واژۆکاری ئەم بەیاننامەیە حوکمی ئێعدامی پەخشان عەزیزی، مێهدی حسێنی، بێهرووز ئێحسانی و هەموو ئەو زیندانیانەی حوکمی زاڵمانەی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە مەحکووم دەکات و داوا لە هەموو ڕێکخراوەکان، چالاکان و خەڵکی زەحمەتکێش دەکات لێبڕاوانە دیفاعیان لێبکەن

٢٢ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە**

**گرووپی یەکیەتیی خانەنشینەکان**

**کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خووزستان**

❊❊❊



# شێعر


## دژی سێدارە و ێیعدام

دەکووژن؛
وا بەخەمساردیی!
تاکوو پێش بگرن بە کوشتن؟؟
گێل-گەمژەن ئایا بۆخۆتان؟!
یا دێن و من دەگەوجێنن؟؟
دەنا بۆ دڵداران دەکوژن؟؟
دڵدارانی ژین-خۆشەویست و
ژیان-بەخش،
بۆچی دەکوژن؟؟
پێش بەکامەتاوان دەگرن؟؟
"خۆشەویستی ناپاسایی"؟؟
"خۆشەویستی ناپاسایی و ناشەرعی" ئایا تاوانە؟؟
دڵداران و ژیان-بەخشان
شیاوی بەردەبارانن؟؟

دەکووژن
وا بەخەم-ساردیی!!
پێش بە تاوان-کاران بگرن؟؟
تاوانی ئەو سەربازە چییە کە نایەوێ
سەربازی بەرەی بەرانبەر
بداتەبەر گوللەی کوشتن،
سزای ئایا تیر-بارانە؟؟
ئەگەر دز و ئەگەر جەردە
شیاوی سزای سێدارەن،
چ بکەین لە ئێوەی عالەم-دز؟؟
لەئێوەی جەردەی ئاشکرای
ژێرسای یاسای چەوساندنەوە؟؟
سا گوێگرن؛
دز و جەردە یاساییەکان!
بکوژانی دڵدارانی ژیان-بەخش و
تیر-باران-کەری سەربازان!
بەتەمای گەوجاندن مەبن!
نە خۆ بدەن لە گەمژەیی و
نە من بە گەمژە بزانن!
ئێوە تەنیا حوکم-ڕانن!
بەڵێ حوکم-ڕانن ئێوە
کە دەکووژن بۆ تۆقاندن!!
حوکمڕانیەکەتان ئێوە،
بەندە بە کوشتن؛ ترساندن!
بە کوشتنی خەم-ساردانەی
بێ-بەزەی پیلان-داڕێژراو!!
لەسێدارەدان؛ تیرباران؛ تیرباران؛
مل-پەڕاندن!
دەنا، تەمبێ؟!
کێ تەمبێ دەکەن؟!
بکوژان؟!
بکوژانی ڕاستەقینەتان نیشان دەم؟؟
نیشانتان دەم ئەوانەی وا
بۆ کوشت و بڕ بارهێنراون؟؟
ڕۆژتائێوارە گۆژ دەکرێن بۆ کوشت وبڕ؟؟
نیشانتان دەم؟
هێزی چەکدارتان؛ بەڵێ
هێزی چەکدارتان، سپاتان!
سپای گەورەوگرانی پڕچەکتان!
پێنتاگۆنتان!
بێ-تاوان-کوژان و منداڵ-هەتیوخەران
منداڵ-کوژان؛ پیر و زورهان-کوژان!
جیرەخۆرانی چنگ و پەل-خوێناویتان!
ئامادەن سزایان بدەن؟!
ئامادەن ئایا جیرەخۆرانی
چنگ و پەل-خوێناویتان سزا بدەن؟؟
سا بەسیە درۆ و دەلەسە!
ئیتر بەسە!
پێ-بێن؛
پێ-بێن کەهیچ
بکوژ و هیچ تاوان-کارێک،
بەوشەرت خزمەت بە تاڵانکاریتان بکەن
تەمبێ نابن؛
بگرە خەڵاتیش دەکرێن!
نەخێر، ئێوە،
نە بکوژ و نە تاوانکار تەمبێ ناکەن!
بەڵێ، ئێوە،
دەکووژن تا حکوومەت کەن!
بۆ تڕۆر
بۆ ترساندن؛ بۆ تاڵان کردن؛
بۆ تڕۆر و ترساندنمان
ڕۆڵەکانمان ئێعدام ئەکەن!!
شەرم و ڕووخان بۆ حوکمتان!
ڕسوایی یەکجاری مێژوو
بەشتان!

**مصلح ڕێبوار**
۱۰ی ئۆکتۆبری
۲۰۱۴

❊❊❊




## کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ۴:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

پێشــــــــرەو
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧